# تیمبلیتی پرسیارەکانی ڕێزمانی بەراورد/کۆرسی یەکەم

پ١/ ئەم وشانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟ ( ١٥ نمرە )

١ـ بە پێی بۆچوونی ..........گوتن لە دوو بەشی مەنتقی پێکدێت، ناو و کردار.

٢ـ جێناوی نیشانە لەزمانی عەرەبی بەسێ شێوە دەنوێنرێت، کە بریتین لە ............ و...............و........... .

٣ـ چاوگ لەزمانی ئینگلیزی بەشێوەی ............ و ............. دەبێ.

٤ـ ناوگرەکان لەزمانی عەرەبیدا بریتین لە ..........و.........و............

٥ـ ئەو هۆکارەی کە وایکردووە زمانی فارسی لەزمانی کوردی دووربکەوێتەوە ......................

پ٢/ جێناوی نیشانە لەزمانی کوریدا چییە؟ بە نمونەوە سەرنج و تێبینیەکان لەسەربخەرە ڕو؟

پ٣/ بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ ئەو مۆرفیمانەی کە دەچنە سەرناو لەزمانی کوردی و عەرەبی. ٢ـ جێناوی سەربەخۆ لەزمانی کوردی وئینگلیزی.

پ٤/ جێناوی نیشانە بۆ تاکی نزیك . ( نمونەی لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی بۆ بهێنەوە )

پ٥/ جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی دووەمی تاك. ( لەزمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی بەیەك نمونە باسی بکە )

پ٦/ خۆ لەتۆوە فێری یەکترخۆشویستن بووین. ( چەند جێناو لەناو ئەو ڕستەیە هەیە دەرییکە )

پ٧/ ئەم وشانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١ـ ڕەگ لەزمانی کوردیدا ..........ییە، بەڵام لەزمانی عەرەبی .............. .

٢ـ چاوگ لەزمانی کوریدا بەبنج دادەنرێ، چونکە ............................... .

٣ـ ........... پێیوایە جیاوازی نێوان زمانەکان لەجیاوازی مۆرفۆلۆجی دەستپێدەکات.

٤ـ لە هەموو زمانەکاندا ژمارەی کەسەکان لەجێناوەکاندا...................ە.

٥ـ لە دۆخی بەکاری لەزمانی فارسیدا جێناوەکان ............. وەردەگرێ.

پ٨/ جێناوی سەربەخۆ لەزمانی کوریدا چییە؟ بە نمونەوە سەرنج و تێبینیەکان لەسەرب بخەرەوەڕووو؟

پ٩/ بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ چاوگ لەزمانی کوردی و عەرەبی. ٢ـ جێناوی نیشانە لەزمانی کوردی و فارسی و وئینگلیزی.

پ١٠/ دەیان ناردمەوە . ( ڕەگی کار و تەواوکارەکانیان دیاربکە )

پ١١/ جێناوی سەربەخۆ بۆ کەسی سێیەمی تاك. ( لەزمانی فارسی و عەرەبیدا باسی بکە )

پ١٢/ ئەوانە پیاون . / ئەو پیاوانە ڕۆیشتن. ( جیاوازی نێوان ئەم دووڕستەیە بکە لەڕوانگەی جێناوەوە )

پ١٣/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاوپڕبکەرەوە؟

١ـ .............ئەو کەرەستە زمانیانەن، کە دەخرێنە سەر کەرەستەیەك حاڵەتی ڕێزمانی کەرەستەکە دەگۆڕن، نەوەك واتا و پۆلەکەی.

٢ـ پۆلی وشەی "دایك" .................. وپۆلی وشەی "لە" ...............ە .

٣ـ دیوارەکە کتێبەکەی خوێندنەوە، پەسند ناکرێ، بەهۆی................................................................ .

٤ـ وشە ڕۆنانێکی زمانییە، کە دەکرێ لە ...............و ...............پێك بێت .

٥ـ وشەی "بەهێز" لە " هێز" و " بە" پێکهاتووە، وشەی " بە"مۆرفیمێکی ........................ییە.

پ١٤/ ناو چییە؟ پۆلی ناو لەزمانی کوردیداچۆن دابەشکراوە؟ بەوردی و بە نمونەوە باسی بکە ؟

پ١٥/ بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ ناو لەڕووی هەبوونەوە، لەزمانی کوردی و عەرەبی. ٢ـ کۆکردنەوە لەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی.

٣ـ ڕۆنانی ناو لەزمانی کوردی و ئینگلیزی.

پ١٦/ ئەو زانیارییانەی، کە لەدروستبوونی ئەم ڕستەی خوارەوە بەکارهاتووە چین؟ لەسەر ئەم ڕستەیەدا ڕونی بکەرەوە؟

ـ کارمەندەکان بەشەو بەڕێکەوتن بۆ ئێرە.

پ١٧/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە؟

١ـ لە ...............ئاستەکانی زمان دابەشکرا بۆ چوار ئاست.

٢ـ وشەسازی لە پێکهاتەی .................. و ............... دەکۆڵێتەوە .

٣ـ ناو لەزمانی کوردیدا دەتوانێت گیرەکەکانی...........و ............ و....... ...و..........و.......وەردەگرێت .

٤ـ لە وشەی "شار" دا ناتوانرێ دەنگی/ ر/، کە لەکۆتای هاتووە جێگۆرکی پێبکرێت، چونکە......................... .

٥ـ پێشگر لەزمانی کوردیدا ئەو مۆرفیمانەن، کە ..........................

پ١٨/ مۆرفیم چییە؟ جۆرەکانی مۆرفیم لەزمانی کوردیداچین؟ بە نمونەوە باسیان بکە ؟

پ١٩/ بەراوردی نێوان ئەمانەی خوارەوە بکە؟

١ـ ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە، لەزمانی کوردی و فارسی. ٢ـ ناسراوی و نەناسراوی لەزمانی کوردی و ئینگلیزی و فارسی.

٣ـ ڕەگەز لەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.

پ٢٠/ بەکارهێنانی وشە لەدەوروبەردا، یەکێکە لەزانیارییەکانی وشە بەکارهێنان، ئەم ڕستەی خوارەوە بە پێی ئەم بۆچوونە لێك بدەرەوە؟

ـ ئازاد ئاگری بن کایە.

مامۆستای بابەت/ بیان ملا حمدامین